# کاتێک چاوەڕوانی وەڵامی داخوازینامەکەتیت

### ئەگەر پێویست بێت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەین

ئەگەر پێویست بکات لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەین لە کەیسەکەتدا، ئەوا ڕەنگە کاتێکی درێژتر بخایەنێت تا وەڵام وەربگریتەوە. لێکۆڵینەوەی زیاتر ئەکرێت ئەوە بێت بۆ نمونە ئێمە لێکۆڵینەوەیووردتر لە بەڵگەنامەکان و دۆکومێنتەکانت بکەین یان لە ناسنامە و هەویەتت دڵنیابینەوە. ئەکرێت لێکۆڵینەوەی تر بێت. **UDI** زۆر کات پشت بەوە دەبەستێت کە دەسەڵاتدارانی حکومی وڵاتانی تر هاوکاریمان بکەن. بۆیە دەکرێت کاتێکی درێژتر بخایەنێت.

ئەو ماوەیەی کە چاوەڕێدەکەیت، هیچ مانای ئەوە نیە کە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لە نەرویج دەمێنیتەوە یان نا. کەسانێکی تر کە لە کامپەکەی تۆ دەژین ڕەنگە لە تۆ زووتر وەڵام وەربگرنەوە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە شتێکی خراپ لە کەیسەکەی تۆدا هەیە، یان **UDI** تۆی لە بیرکردبیت. هۆکاری ئەمەش جۆری ڕێکخستنی کارەکانی ئێمەیە.

کاتێک ئێمە بڕیارمان لەسەر کەیسەکەتدا، تۆ لەلایەن ئێمەوە ئاگادار دەکرێتەوە.

### ئایا من دەتوانم کارکرد لەسەر ئەوەی بکەم کە UDI کاتێکی چەند درێژ بەکاربهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر داخوازینامەکەم؟

تۆ ناتوانیت کارکردداببنێیت لەسەر ئەوەی کە ئێمە کاتێکی چەند درێژ بەکاردەهێنین بۆ بڕیاردان لەسەر داخوازینامەکەت.

ئەگەر تۆ تەلەفۆن بۆ ئێمە بکەیت بۆ ئەوەی پرسیار لەوە بکەیت کە دەبێت چەندێک چاوەڕێی وەڵام بیت، هەر هەمان ئەو زانیاریەت پێدەدرێت کە لەم زانیارییە نووسراوەدا دەربارەی کاتی چاوەڕوانی هەیە. ئێمە ناتوانین لەوە زیاترت پێ بڵێین سەبارەت بەوەی کە دەبێت چەندێک چاوەڕێ بکەیت.

ئەگەر ناتەوێت چاوەڕێی ئەوە بکەیت تا UDI بڕیار لەسەر داخوازینامەکەت بدات، ئەوا دەتوانیت یارمەتی وەربگریت بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، یان هەر وڵاتێکی تر کە ڕوخستەی نیشتەجێبوونت لێی هەیە.

لەم سایتەدا دەتوانیت لەسەر ئەوە بخوێنیتەوە کە چۆن داوای یارمەتی بکەیت بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە، وە ئەوەی دەتوانیت بڕی چەند یارمەتی وەربگریت: www.udi.no/retur. هەروەها تۆ دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن (IOM) بۆ زانیاری زیاتر لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی ٢٣١٠٥٣٢٠ یان لەم سایتەدا www.iom.no

UDI

## ناردنی ناسنامە یان ڕاپۆرتی پزیشکی

### دۆکۆمێنتی ناسنامە دەبێت بدرێت بە پۆلیس

گرنگە تۆ ئەوەی لە تواناتدایە بیکەیت بۆ ئەوەی دۆکۆمێنتی ناسنامە یان هەویەکانت بە دەست بهێنیت. تۆ نابێت نوسخەی ئەسڵی بەڵگەنامە و دۆکومێنتەکانت بنێریت بۆ UDI بەڵکو دەبێت بیاندەیت بە پۆلیسی ئەو جێگایەی لێی دەژیت. هەروەها دەتوانیت دۆکۆمێنتەکانت بە پۆست بنێریت بۆ پۆلیسی بەشی بیانیەکان. ئەمە ئادرەسەکەیەتی:

Politiets utlendingsenhet
v/ Dokumentsenteret
Postboks 2095 Vika
0125 Oslo

ەکەت لەسەر کاغەزێک بنووسیت و بیخەیتە ناو زەرفی نامەکەوە.DUFتۆ دەبێت ناوی خۆت و ژمارەی

### ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێت بنێردرێت بۆ UDI

ئەگەر کێشەی تەندروستیت هەیە کە پێت وایە مانای هەیە بۆ داخوازینامەکەت، گرنگە ڕاپۆرتی پزیشکی لە دکتۆرەکەت وەربگریت. ڕاپۆرتە پزیشکیەکە بنێرە بۆ UDI.

ئەمە ئادرەسەکەیە:

UDI

Postboks 2098 Vika

0125 Oslo

تۆ دەبێت ناوی خۆت و ژمارەی DUF ەکەت لەسەر کاغەزێک بنووسیت و بیخەیتە ناو زەرفی نامەکەوە.

### زانیاری بە ئیمەیڵ

تۆ زانیاریت بۆ دێت بۆ ئیمەیڵەکەت سەبارەت بە داخوازینامەی پەنابەرییەکەت. ئیمەیڵەکان دەنێردرێت بۆ ئەو ئیمەیڵەی کە داوتە بە ئێمە.

کاتێک ئێمە پەروەندەکەتمان لەلایەن پۆلیسەوە بە دەست دەگات یەکەم ئیمەیڵت لە ئێمەوە پێدەگات. دواتر ئێمە ئیمەیڵی تریشت بۆ دەنێرین. بۆ نمونە کاتێ کەیسەکەت دەنێرین  بۆ بڕیار لەسەر دان یان کاتێک بڕیارەکەی لەسەر دەدەین.

پەیامەکان بە نەرویجی و ئینگلیزی دەنووسرێن. زانیاری دەربارەی ئەوە تیادا نیە کە تۆ داواکاری پەنابەییت.

ئەگەر تۆ حەزناکەیت ئیمەیڵت لە ئێمەوە بۆ بێت دەبێت ئاگادارمان بکەیتەوە. ئەو کاتە دەتوانیت تەلەفۆن بۆ خزمەتگوزاری ڕێنوێنیکردنەکەمان بکەیت. ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکەیە ٢٣٣٥١٦٠٠